هۆ و زیانەکانی جیرە کردنی بەنزین لە ئێران

نووسینی یەزدان حاجی هەمزە

وەرگێڕ: بێهروز

سەرۆکی مجلیسی رژیم رۆژی ٦ی بانەمەر لە بەردەم هەواڵنێران رای گەیاند کە بە پێی یاسای بودجەی پەسەند کراوی مەجلیسی رژیم، دەوڵەت بەرپرسە کە لە سەرەتای جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٦دا لیتری بەنزین بە ١٠٠تومەن و لەرێگەی کارتی هوشمەندو بەشێوەی جیرەکراو بداتە خاوەن ماشێنەکان. ناو براو بەئاماژە بەوەی کە چاوەروانیان لە دەوڵەت ئەوەیە لە کاتی خۆیدا وبە پێی یاسا کاری بۆ بکا. سەرۆکی مەجلیس سەبارەت بە دیاریکردنی کاتی ئەو پەسند کراوە لە لایەن دەوڵەتی پاسدارەکان، گومانی دەربڕی نیزیك بە ساڵ ونیوێکە کە شاندی دەسەلآت داری ئێران، جێ بە جێ کردنی جیرە بەندی بەنزینی دواخستوە. ئەحمەدی نژاد لە سەرەوەی (شورای بەرزی ئەمنیەتی رژیم) کە پاسدارەکانی دیکە تێیدا ئەندامن، ئێستاش لە لایەنی ئەمنیەتەوە سەرقاڵی تاو تۆێ کردنی زیانەکانی بەرێوە بردنی ئەو بریارەن. هەر لە رۆژی ٦ی بانەمەر، بلآوکراوەکان لە زمان ئەندامێکی کۆمیسۆنی گەلآلە دانان وبودجەی مەجلیسی رژیم رایانگەیاند کە قەرار بوو کە دوڵەت راوە و نرخی دوهەم واتە نرخی زیادە لە نرخی ١٠٠تومەنی سەهمیە، تا کۆتای خاکەلێوە دیاری بکا، بەلآم تا ئێستا لەو بارەوە هەواڵێك نیە. بەو حالّە بەرێوە بەرانی رژیم بەدوای ئامادە کردنی پێشەکی بەرێوە بردنی جیرە بەندی یەك لە وان دابەش کردنی کارتی (هۆشمەندەوەن) وئەندامێکی کۆمیسیۆنی بەرنامەو بودجەی مەجلیس لە بارەی دابەش کردنی ئەو کارتانە راپۆرتی دا و رایگەیاند کە لە کۆی ٨/٥ ملیۆن ماشێن و٧ملیۆن موتوری سواری تا نیزیك بە ٦٠ لە سەدیان کارتی سوتەمەنیان وەرگرتووە وئێستا ٤٠ لە سەدی ماوەتەوە. بۆچی جیرە بەندی (بەنزین) بۆ دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد هەزم ناکرێ و لە بەرێوەبردنی ئەو بریارە خۆ دەبوێرن؟ لە دوو پرسیار دەکۆڵینەوە: بەرێوە بەرایەتی دەوڵەت کە وتوێژە بەر بەرداشی ناوخۆیی و دەرەوەو دەسەلآتداریی. دەوڵەتی پاسدارەکان بۆ بەر بەرەکانێ لە گەلّ دوو مەسئە لە کە لە پێشیان دایە جیرە بەندی بەنزین یان هێناوەتەمەیدان.

١ـ بەربەرەکانێ لە گەلّ ئابلوقەی فرۆشتنی بەنزین بە ئێران: لە ئێستادا بەلانی زۆر بەرهەم هێنانی بەنزین لە ناو خۆی ئێران رۆژانە دەگاتە ٤٠ ملیۆن لیتر و ئەگەر دەوڵەت سیاسەتی کەم کردنەوەی بە پەلەی مەسرەفی بەنزین بەرێوە نەبات، لە هەل و مەرجێکدا کەبکەوێتە ژێر کە لە ساڵە کانی رابردودا لە سەر میزی کارناسان بووە، لە بارودۆخی هەستیاری ئێستادا بیری لێ دەکاتەوە و هەولّ و تەقەلآیانە بەهر جۆرێك بووە بەنزین جیرە بەندی و گران بکەن. وەلآمی ئەو پرسیارە رێك دەگەرێتەوە بۆ گۆرانی هەل مەرجی و ئەمنیەتی دەسەلآتداریی. دەوڵەتی پاسدارەکان بۆ بەر بەرەکانێ لە گەلّ دوو مەسئە لە کە لە پێشیان دایە جیرە بەندی بەنزین یان هێناوەتەمەیدان.

١ـ بەربەرەکانێ لە گەلّ ئابلوقەی فرۆشتنی بەنزین بە ئێران: لە ئێستادا بەلانی زۆر بەرهەم هێنانی بەنزین لە ناو خۆی ئێران رۆژانە دەگاتە ٤٠ ملیۆن لیتر و ئەگەر دەوڵەت سیاسەتی کەم کردنەوەی بە پەلەی مەسرەفی بەنزین بەرێوە نەبات، لە هەل و مەرجێکدا کەبکەوێتە ژێر ئابلوقەدانی بەر بلآوی شورای ئەمنیەت، ناچار دەبێ بۆ وەلآمدانەوە بە مەسرەفی هەنوکەیی بەنزین بە رادەی بەرهەم هینانی خۆی لە دەرەوە بەنزین بێنێ. بە سەرنج دان بەوە، پێداویستی بەهاوردەکان لەدەرەوەی ئێران ژمارەیەك لە لایەنانی موعامەلەی دەرەویی پاسداران، ئابلوقەی فرۆشتنی بەنزین بەو دەوڵەتە بە یەکێك لە رێگە کاریگەرەکان بۆ بە چۆك داهێنانی رژیم دەزانن، کە شورای ئەمنیەتی سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان پەسەندی بکات. بەو هۆیەوەیە کە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بۆ بەر بەرەکانێ لە گەلّ ئابلوقەی چاوەروان نەکراو لە لایەك عەنبار کردنی بەنزینی لە چاو ساڵی رابردوو ٢/٥ لە سەدی زیاد کردوەو لە ٦٠٠ ملیۆن لیتر گەیاندویەتە ١ملیاردو ٧٠٠ سەد ملیۆن لیتر و لە لایەکی دیکەوە بە مەبەستی کەم کردنەوەی مەسرەفی بەنزین دەستی کردووە بە جیرەبەندی.

٢ـ بەربەرەکانێ لەگەلّ کەمبوونەوەی لە سەرخۆی داهاتی نوتی ئێران: شتێکی حەیاتی گرینگ کە لە کاتی جیرە بەندی بەنزین بۆ رژیمی ئێران گرینگە، پێشگرتن لە کەم بونەوەی داهاتە لە رێگەی هەناردەی نەوتی خاوی ئێرانە، کە لە کاتی درێژەکێشانی ئەو باروودۆخە لە داهاتووی نزیکدا لە گەلّی بەرەو رووەبێ دابەش کردنیەتی. کومەسرەفی ناو خۆی بەنزین لە گەلّ بەرانبەر کردنی سالآنە ١٠ لە سەد لە حالّی زیاد بوونە و ئەگەر بەرهەم هێنانی نەوتی خاوی ئێران زیاد نەکرێ، بۆ وەلآمدانەوە بەزیادەی مەسرەفی ناو خۆی بەنزین، یان ئەبێ لە رادەی هەناردەی نەوتی خاوی ئێران کەم بکەنەوەو بگەیەننە بەرهەم هێنانی مەسرەفی ناو خۆی ولآت وەیان هاوردەی بەنزین لە دەرەوە کە ژمارەی ئەوە لە ساڵی ١٣٨٥ دا داهاتەکان لە هەناردەی نەووت کەم بێتەوە و بەبەشێك لە داهاتی ئێستایان بخەنە سەر مەسرەفی واریداتی بەنزین. توانای هەنوکەیی بەرهەم هێنان وهەلّهێنجانی نەوتی خاو لە چالّە نەوتیەکانی ئێران، بەهۆی تێك چونی مەیدانە نەوتیەکان سالآنە بەرادەی ٨ تا ١٠ لە سەد کەم دەبێتەوە. تێکنۆلۆژی کۆن و بەسەرچووی هەلّینجانی نەوتی ئێران تەنیا دەتوانی ٢٤ تا ٢٧ لە سەدی نەوتی ئێران هەلّهێنجێ. سەرجەم تێکنۆلۆژی هەلّینجانی نەوتی ئێران پێویستی بە ١٠٠ میلیارد سەرمایەی دەرەوەی هەیە. لە هەل و مەرجێکدا کە رژیم لە لایەن شورای ئەمنیەت کەوتۆتە بەر هەرەشەی ئابلوقەدان، بەکردەوە مەجالی راکێشانی سەرمایەو تێکنۆلۆژی نەوتی دەرەکی، تەنانەت بەرادەی پێویست بۆ پاراستنی قەبارەی هەنوکەیی بەرهەم هێنانی نەوتی ئێرانی نیە. رێکەتی ٣٠ی مارسی ٢٠٠٧، دەبیرخانەی شورای ئەمنیت بە شیرکەتەکانی کریاری نەووت دەلّێ ئەگەر ئەو بارو دۆخە درێژە بکێشێ و رژیمی ئێران نەتوانێ بەراکێشانی سەرمایەی دەرەکی وتێکنۆلۆژی رادەی زیادبوونی بەرهەم هێنانی نەوتی خاوی ئەو ولآتە زیاد بکات تا ساڵی ٢٠١٥، هەناردەی نەووت و داهاتی دەگاتە سفر. نەمان و تەنانەت کەم بونەوەی داهاتی هەناردەی نەووت بۆ دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد کە خەرجیەکانیان لە سەر حیسابی داهاتی خەلّکی ئێران کە ٥٠ میلیارد دۆلارە ئەنجام دەدەن، قەبول ناکری. ئەوە کە دەبینن لە کاتی هەل و مەرجی ئابلوقەدا کە توانای بەرهەم هێنانی نەوتی ئێران بەکەم کردنەوەی بەکار هێنان لە ناو ناخۆ دا و جیرە بەندی ئەو رادە مەسرەفە بگەیێنێتە جێگەیەك کە بەرادەی ناتەواوی پالآوتگاکانی ئێران بگات. ئیتر بەو پێیە گرینگترین ئامانجێك کە رژیم بەجیرەبەندی پێو شوێنی دەگرێ، ئەوەیە کە:

١ـ خەرجی ئەرزی واریداتی بەنزین بەرە بەرە رابگرێ. بودجەی واریداتی بەنزین بۆ ئەم ساڵ، لەگەلّ زیادکردنی مەسرەف، بەکەم تر لە نیوەی ساڵی رابردوو یانی ٢/٥ ملیارد گەیاندوە.

٢ـ بەکەم کردنەوەی ناچاریی مەسرەفی ناوخۆیی لە دابەزاندنی رادەی هەناردەی نەووتی خاو و بە تایبەت بەشێ لەوە بەزیاد کردنی بەرهەمهێنانی بەنزین لە پالآوتەکانی ناوخۆی پێشگیری بکات. بۆچی رادەی بەرهەم هێنانی ناوخۆی بەنزین زیاد ناکەن؟ تەنانەت ئەگەر مەسرەفی بەنزین بهێننە خوارێ، توانای پالآوتن وبەرهەم هێنانی بەرهەم نەوتیەکان وەلآمی پێداویستی وەلآت بەبەرهەم هاتوەکانی نەوتی وبەتایبەت بەنزین بارەی زیاد کردنی توانای پالآوتەکردنی نەووتی خاو وزیادکردنی رادەی بەرهەم هێنانی بەنزین لە ئێران ناتوانین بەجیددی بگرین. ئیستا خەلّکی ئێرا چاوەروانن کە ببینن دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە مانگی جۆزەردان دا چیدەکات؟ ئایا! بەپێی بیرو بۆچونی هێندێك لە لێپرسراوانی دەوڵەتی، نرخی بەنزین ٢/٥ میلیارد بەرا نبەر زیاد داکا ولیتری دەگاتە نزیك بە٢٠٠ تەمن تابتوانێ بە ٢/٥ ملیارد دۆلار هێنانی بەنزین مەستەلەکە ساڵێکی دیکە بهێلّێتەوە. ئۆرگانی فەرمی لێپرسراوی ئەو کارە (دەفتەری گەلآلە دارشتنی تەلفیقی نەووت) راپۆرتی دا کە لە ساڵی رابردودا (١٣٨٥رادەی بەنزینی مەسرەفی ماشینەکانی سواری لە کۆدا رۆژانە گەشیتۆتە ٢٩ملیۆن و ٨٦٠ هەزارو ٢٦٤ لیترە، ماشینی سواری و وانێتی دەوڵەتی ٢ ملیۆن و ١٨٥ هەزار لیتر. تاکسی بەنزینی ٤ ملییۆن و ٨٦٠ هەزارلیتر. ئاژانس ٤ ملیۆن و ٤٤٠ هەزار. پیکابی بارهەلگر و مازدا ٥ ملیۆن و ٧٩٠ هەزار لیتر. پیکابی توێتاو مازدا ٥ ملیۆن و ٧٥ هەزار. پیکابی نیسان و زامیادوساییا ١١ ملیۆن و٥٠ هەزار. ماتۆری سواری ودەوڵەتی ١٠ ملیۆن و ٩٠٨٠ هەزارو کەلّەك (قایەقی موتۆری) ١٧٠ لیتر... ئەو سەرچاوە زیاد دەکا کە بەسەرنج دان بەو ئامارە، لە ساڵی رابردودا بەشێوەی مام ناوەندی رۆژانە زیاتر لە ٧٤ ملیۆن و ٥٨٦ هەزارو ١٤ لیتر بەنزین مەسرەف کراوە بەپێی بەراوردی ئەو سەوچاوە رەسمیە لە ساڵی ١٣٨٦ دا ژمارەی ماشینەکانی ئێران ١٠ لە سەد سەبارەت بە ساڵی ١٣٨٥ زیاد دەکات و لەم ساڵ دا بەشێوەی مام ناوەندی رۆژانە زیاتر ٨٢ ملیۆن و٤٤ هەزارو ٦١١ لیتر بەنزین مەسرەف دەکرێ.